گۆڕانکاری لە پۆستە باڵاکانی فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی

عەبدولئەمیر شەمری وەزیری ناوخۆ، ئەمڕۆ شەممە، ژمارەیەک گۆڕانکاری لە پۆستە باڵاکانی فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵیدا ئەنجامدا.

وەزارەتی ناوخۆ لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە، بەاویکردەوە شەمری "عەمید هیشام خەلیفەی بە پۆستی فەرماندەی فیرقەی دووی پۆلیسی فیدراڵی ڕاسپاردووە". لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی بەوەشکردووە، شەمری "عەمید جاسم تاهیری ڕاسپاردووە بە فەرماندەیی فیرقەی یەکەمی فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵی".

ئاژی چوارشەممە، سەرچاوەیەکی ئەمنی بەاویکردەوە، ژمارەیەک ئەفسەر ئەرک و پۆستی نوێیان لە ناو وەزارەتی ناوخۆدا پەسپەردراوە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، "لیوا عەباس زامیلی وەک ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆ بە هەواڵگری پارێزگاکان دەستنیشانکراوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "هەروەها لیوا عیرفان چەلوب وەک بەڕێوەبەری هەواڵگری بەسرە دەستنیشانکراوە".

هەر بەپێی سەرچاوەکە گۆڕانکارییەکان بریتیش بوون ،لە "ڕاسپاردنی عەمید نەبیل کینانی بە پۆستی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیاری، و ڕاسپاردنی لیوا عەباس بەتی بە پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگریی بەغدا/کەرخ".